# گەمە بە وشە

حەمەسەعید حەسەن

نالی بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە.

شیعر دەربڕینێکە خەیاڵاوی، هەستی خوێنەر لە ناو باخی چێژدا بەند دەکا. ئەوە وشەی جوان بوو مەرگی شەهرەزادی دواخست، ئەوە دەربڕینی جوانە نالیی بە نەمریی هێشتووەتەوە. پاشەڕۆژی شیعر بە چۆنێتی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ زماندا بەندە و ئەوە زمانی نوێیە بە نەمریی دەمێنێتەوە. نوێکردنەوە بە پلەی یەکەم ڕوو بە ڕوو بوونەوەیە لەگەڵ زماندا و مەبەستی نوێ بە زمانی دێرین ناگوترێ.

شیعری نوێ بۆ پێوەندیی هێشتنەوە بە خوێنەرەوە، بێ زمانی کۆن ناپەرستێ و زمانێکی نوێ دەبینێتەوە. ئەوەی توانای بەسەر زماندا نەشکێ و بوێرانە بە داهێنانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکات و سەرچاوەی تازەی تێدا نەتەقێنێتەوە، ناتوانێ شیعری نوێ بنووسێ.

من سەفەرم لە وەستاندا

دەروشانەوەی هەقیقەت لە گوماندا. (ل ٢٣ ژوانی ڕووناکی)

لە ناخی بەستەڵەکدا خۆمم گەرم دەکردەوە. (ل ٢٥ ژ. ڕ.)

من چرایەکی تاریک و پشکۆیەکی سەهۆڵینم. (ل ٣٢ ژ. ڕ.)

پارا: دژ، دۆکسا: بۆچوون، پارادۆکس: بە مانای دژایەتیکردنی ڕای باو دێت، گوتنێکە دژی بۆچوونی سەرووەر و خوێنەر تووشی تاس و حەپەسان دەکا. برۆکس پێی وایە شیعر: (زمانی ناکۆکییە.) وێنەی ناکۆک و ناتەبا کە ئێستایش شاعیران پەنای بۆ دەبەن (ڕەنگدانەوەی نامۆبوونە بە مانای دوورکەوتنەوەی تاکەکان لەیەکدی، نەک غەریبیی ـ دوورکەوتنەوەی جوگرافیایی ـ) دیاردەیەکی دێرینە.

نالی (١٨٠٠ ـ ١٨٥٦) دەڵێ:

حەرەکاتم سەکەنات و سەکەناتم حەرەکات

چوستە سستی ، قەوییە زەعیف و سەریعە کەسەلم.

بۆدلێر (١٨٢١ ـ ١٨٦٧) دەڵێ:

من برین و چەقۆم،

شەپازلە و ڕوومەتم،

قوربانی و جەللادم.

شاعیر لە هەناوی زمانی باودا زمانێکی دیکە دادەهێنێ. دەقی شیعریی با باس لە مەزنترین کارەساتی ئینسانییش بکات، هەر زادەی یاریکردنێکی ئەفسووناوییە لەگەڵ زمان. شاعیر مامۆستای ڕاستەقینەی زمانە و گەمە بە وشە دەکا، بۆیە ئەگەر هەڵەی زمانەوانیی کرد، با بە ئومێدی لێبوردنی خوێنەر نەبێ:

وەک دوو لاشە و گیانێک دەژیاین. (ل ٢٠٨ دیوانی ڕەفیق سابیر)

بەسەر لاشەی مردووماندا. (ل٤٠٢ دیوانی ڕ.)

بارانی لاشەی زامدارم. (ل ٤١٩ دیوانی ..)

لاشەی ساوات ... دەخنکێن. (ل ٤٤١ دیوانی..)

لەگەڵ لاشەی ڕێبواری شەکەتبووی سوورم. (ل ٤٥٠)

بەم نموونانەدا ئەوە دەردەکەوێ ڕەفیق سابیر جیاوازیی لە نێوان لەش و لاشە دا ناکا. لەش: تەن، بەدەن، جەستەیە لە دۆخی ژیاندا. لاشە: تەرمە، مەیتە، جەستەی بێ گیانە.

لە ناو گژەبایە (بەفرینییەکەدا) حەشارم دە. (ل ٢٢٦)

لە دەموچاوە (بەردینییەکان) مۆر دەبوویتەوە. (ل ٣٣٦)

بەفر: ناوێکی سادەیە، بە هۆی پاشگری ( ین)ەوە دەبێتە ئاوەڵناو. بەفر - بەفرین، بەرد - بەردین. کورد: ناوێکی سادەیە، بە هۆی پاشگری (ی)ەوە دەبێتە ئاوەڵناو. کورد - کوردی، هەولێر - هەولێری.(١) بەفرینی و بەردینی ڕەفیق خۆی دایڕشتوون، یان ڕاستتر: دایتاشیون. شاعیری نوێخواز کە لە بواری زمانی هاوبەشدا سەرکێشی دەکا، ڕێزمان ناشێوێنێ، ڕێزی لێ دەگرێ، گوتەی نوێ داناتاشێ، شێوازی گوتنی نوێ دادەهێنێ.

ئەم (کەژ و کێوانە)

لە ناو تێزاب و بارووتدا ونکراوە. (ل ٣٨٣)

ونکراون، ڕاستە، بکەر (کەژ و کێوان) کۆیە، دەبێ کرداریش کۆ بێ. ئەوا (پشکۆی) ئێسقانەکانت (بوون) بە خۆڵەمێش. (ل ٣٨٧) (بوو) ڕاستە، بکەر (پشکۆ) تاکە، دەبێ کرداریش تاک بێ.

چ هەڵدێر و وەرچەرخانێکی مێژووییە. (ل ١٥٣)

بە زەبری شەق دەمکات بە:

چەتە، گۆڕهەڵکەن، حوشترخۆرکە، زێوان، یاخی، کەنناس، ئاژاوەچی، تورکی کێوی، حەمباڵ، پیاوکوژ، گورگ ... هتد. (١٩١)

شارستانی جەنگەڵ، ئیمپریالیزم، تۆرانیزم، عرووبە، پانئێرانیزم، پەترۆدۆلار، گوللەباران کە. (ل١٩٧)

لە بەر چاوی دۆست و دوژمن ڕیسوای کردین. (ل ٢٠٠)

ئەمە زمانی شیعر، پەخشانەشیعر و پەخشانی هونەری نییە، زمانی سەرگوتاری ڕۆژنامەیە. لە زمانی کارگێڕی حیزبێک دەچێ نەک لە زمانی شاعیرێکی نوێخواز. شاعیر دەتوانێ باس لە هەموو مەسەلەیەک بکا، بەڵام بە شێوازێکی شاعیرانە نەک وەک ڕۆژنامەنووس. ڕەفیق لە گەلێ جێی دیکەیشدا خاوەنی گوتاری خۆی نییە، پەیامی لایەنێک دەگەیێنێ و بە ناوی ئایدۆلۆژیایەکەوە دەپەیڤێ، ئەمەیش چونکە کاری شاعیر نییە، کەمتر شیعری لێ پەیدا دەبێ.

زامەکانم ڕەنگ دەڕێژن بەسەر دۆڵا
بەسەر لاشەی زەمینێکی پڕ لە خۆڵا
تەمەنی ساوام دەنێژن
لە باوەشی کیشوەرێکی وێنی چۆڵا . (ل ٤٢٥)

گەردەلوولی / پڕ ئەیلوولی. (ل ٤١٣)

لە ناو گەرووی / پڕ لە زەرووی (ل ٤٤٧)

دەفەی سنگی / شەوەزەنگی. (ل ٤٤٨)

خۆڵەمێشی / پڕ لە ئێشی (ل ٤٥٠)

وشەکانی کۆتایی دێڕەکان هیچ کۆیان ناکاتەوە، ئەوە نەبێ کە هاوسەروان. سەروایش لە پێناوی سەروادا، لە مێژە لە ئەورووپا وەک کەرەسەیەکی قۆشمە و هەوێنی پێکەنین دەخرێتە گەڕ. *

(١) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ئاوەڵناو ل ٧٦ - ٧٨ کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد ١٩٩٢ بەغدا.

* بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژ.